**بۆجەناب مەعالی سەفیری عێراق لە سوید**

**سڵاو جەنابی سەفیر**

**سەفارەتی عیراق لەسوید لەوەڵامی کوردێکدا(1) کەباسی گەندەڵی وپارەوەرگرتن دەکات لەلایەن کارماندانی سەفارەتەوە،لەبریتی لێکۆڵینەوەولێپێچانەوەوبەخۆداچوونەوە،کوردایەتیەکی زۆری پێفرۆشتوینەتەوە.. ئەمەلەکاتێکدایەکەهاووڵاتیەکی کورد ئەگەربیەوێت سەردانی کوردوستان بکات تاپاسپۆرتەکەی ئەدەنێ کاتی سەردانەکەی بەسەرئەچێت وناچاردەبێت بگەڕێتەوەسەرکار ،ئەمە (کوردایەتیەعێراقیە)کەی ئەوسەفارەتەیە.**

**پاساوی ئەمەبە هەڵبژاردنە قەومی و دینیەکەیان نەدەنەوە چونکە ئەوچاوەڕێ کردنە پێوەندی بەشتی ترەوە هەیە وشتی تری لە پشتەوەیەو پێش هەڵبژاردن و پاش هەڵبژاردنیش هەروابووەوهەتائەم چرکەیەیش هەروایە.**

**وەرگرتنی پاسپۆرتی ئەوروپی لەسویدئەگەرمەرجەکانی وەرگرتنت هەبێت بەپێنج رۆژ کەخۆیان پێیدەڵێن (پێنج رۆژی کار) وەری دەگریت..بەڵام باشەپاسپۆرتی عێراقی بۆ کوردێک کە بەژیانی نە عێراقی بووەونەئارەزوویش دەکات ووشەی عێراق بژنەفتێ دەبێت چی بێت...!**

**من لای خۆمەوەبڕیارمدائەوپاسپۆرتەلەبیرخۆم بەرمەوەوبەشەعێراقیەکەی خۆیشم کەهەرگیزنە مبووە پێشکەش بە سەفارەتەجوانەکایان بکەم..**

**سەربەرزن ئەوکوردانەی کەخۆیان بە عێراقی،ئێرانی ،تورکی ،سوری ..نازانن..**

**(1)کوردستانپۆست**

**ئیمزا**

**کوردێکی دانیشتووی سوید**

260305